حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی

# دەرچووانی زانکۆ و گرێدانیان بە بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان

University Graduates and linking them to the labor Market In Kurdistan region

- توێژینەوەیەکی شیکاری و مەیدانیە –

نوسینی / موزەفەر هەمزە
بەرێوەبەری هەماهەنگی پلانەکان

2013

## پێرست


| لاپەرە | بابەت |
|---|---|
| 3 | سەرەتا |
| 4-3 | ئامانج و سودەکانی توێژینەوە |
| 4 | گرنگی توێژینەوە |
| 4 | گریمانەی توێژینەوە |
| 5 -4 | پێناسەی چەمکەکان |
| 10 - 5 | بەشی یەکەم: سروشتی ئاراستە وەرگرتنی دەرچوانی خوێندنی زانکۆیی بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار |
| 11 - 10 | بەشی دووەم: پسپۆری و دامەزراندن لە کەرتی گشتی |
| 12 - 11 | خواست لەسەر پسپۆرییەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان لەلایەن کەرتی گشتی |
| 12 | هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ کەمکردنەوەی هەڵاوسانی وەزیفی |
| 15 - 12 | بەشی سێهەم: رۆڵی کەرتی تایبەت لەرەخساندنی هەلی کار لەهەرێمی کوردستاندا (کۆمپانیا تایبەتمەندەکان) |
| 18 - 15 | بەشی چوارەم: پوختەی کۆتایی و راسپاردەکان |
| 19 | سەرچاوەکان |

**سەرەتا:**

هەڵبژاردنی ئەو بابەتە بۆ ئەوەیە بزانرێ دەرچوانی خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستان چ لەڕووی ژمارە و چ لەڕووی کوالیتیەوە بەهەموو جۆرە پسپۆریەکانیەوە تاچەند هاوتەریبە لەگەڵ پێداویستیەکانی بازاڕی کاردا, بازاڕ پێویستی بەچ پسپۆریەك بێت ئەوە زانکۆکانن ئەو پسپۆرییانە بەرهەمدەهێنن. لە بەشێکیدا ئەگەر دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و ئەو پسپۆریەی لە ماوەی خوێندنی زانکۆییدا فێری دەبن لەبازاڕی کاری هەرێمی کوردستاندا هەلی کاریان دەستبکەوێت, دیارە خوێندنی زانکۆیی لەڕووی کوالیتیەوە کاریگەری هەبووە و لەجۆریەتیدا سەرکەوتوو بووە, پێچەوانەکەشی راستە.

ژمارەی دەرچووانی خوێندنکارانی زانکۆیی لەماوەی ساڵانی رابردوودا بەپێی ئاماری وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان رەنووسێکی کەم نەبووە, واتە زانکۆکانی کوردستان لەبەرهەمهێنانی ژمارەی دەرچواندا توانای باشیان هەیە, بەڵام دەرچوان لەماوەی ساڵانی خوێندنی زانکۆییاندا کە بۆ ئەوە دەخوێنن تا شارەزایی لەم بوارە پەیدا بکەن و وەکو سەرچاوەیەکی بژێویش سوودی لێوەربگرن, ئەو توێژینەوەیە بەدوای رەخساندنی هەلی کاردا دەگەرێت بۆ ئەو ژمارانەی کە ساڵانە وەکو دەرچوو قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیی تەواو دەکەن و سروشتی دابەشبونیان لە دەستتنی هەلی کاردا لەنێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتیدا روونەدەکاتەوە, فاکتەرەکانی هەوڵ و حەزی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش بەتایبەتی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ دامەزراندن لەکەرتی گشتی خستۆتەڕوو, پاشانیش هۆکارەکانی دەست نەکەوتنی هەلی کار لەکەرتی تایبەتی هەرێمی کوردستان کە لەم توێژینەوەیەدا لەرێگای دیداری مەیدانیەوە پەنجەی خراوەتە سەر, روونکراوەتەوە. کە پاشان کاریگەری و شوێنەواری خۆی لەسەر رێژەی بێکاری و بەکارخستندا (تشغیل) داناوە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت:

بەشی یەکەم: سروشتی ئاراستەوەرگرتنی دەرچوانی خوێندنی زانکۆیی بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار روونەدەکاتەوە.

بەشی دووەم: پسپۆری و دامەزراندن لە کەرتی گشتی.

بەشی سێهەم: رۆڵی کەرتی تایبەت لەرەخساندنی هەلی کار.

بەشی چوارەم: دەرەنجام و راسپاردەکان.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

1- کەمکردنەوەی فشار لەسەر کەرتی گشتی و بەهێزترکردنی کەرتی تایبەت.

2- هاوسەنگی کردن لەنێوان داهاویشتەکانی (Input) خوێندنی زانکۆیی و دەرهاویشتەکانی (Output).

3- کەمکردنەوەی بێکاری.

**کەڵکی توێژینەوەکە:**

- پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی سیاسەتی بەکارخستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەسەر ئاستی ئابووری هەموەکی - Macroeconomic.
- هاوکاریکردنی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
- هاوکاریکردنی خاوەن کۆمپانیا و کارگەکان بۆ دابینکردنی پێداویستی دەستی کار بۆیان.
- هاوکاریکردنی هێزی کاری هەرێمی کوردستان "دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان و ئامادەییە پیشەیەکان" بۆ دۆزینەوەی هەلی کار.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کەهەوڵدەدات بازاڕی کار و هێزی کاری هەرێمی کوردستان بەیەکترەوە گرێبدات کە تێیدا دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەشێکی گرنگی ئەو هێزەن, بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێداوە سەرچاوەکانی رەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان هەمەچەشن بکات بۆ ئەوەی لایەنی کەم کەرتی گشتی نەکرێتە تاکە سەرچاوە بۆ پەیداکردنی هەلی کار و بژێوی ژیان. هەروەها لە رێگای رێکخستنی زیاتری ژمارەی ئەو کۆمپانیانەی لەهەرێمدا کار دەکەن, هەلی کاری زیاتر بۆ دەرچوان و بێکاران برەخسێنرێ. لەژێر رۆشنایی ئەوەشدا هەر هەوڵێك بدرێت بۆ رێکخستنی زیاتری بازاڕی کار و هێزی کار, دەبێتە پاڵنەرێك بۆ کەمکردنەوەی بێکاری و خۆشگوزەرانی تاکی هاولاّتیان.

**گریمانەی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە دەکەین کە لەهەرێمی کوردستان کێشەیەك هەیە بە ناوی دەرهاویشتەکانی خوێندنی بالاّ لەبواری ژمارەی دەرچوواندا ئەوانەی قۆناغەکانی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان تەواو دەکەن و ساڵ دوای ساڵ ژمارەیان لە هەڵکشانداییە, ئەو ژمارەیەی ساڵانەی دەرچووان کە وەکو هێزی کاری بۆ هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێت پێویستی بەرێکخستنە لە رێگای کۆمەڵێك میکانیزم و پرۆسەی هەمەچەشن, ئەم کۆمەڵە میکانیزمانە پەیوەستە بە خودی زانکۆ و پەیمانگاکان و بازاڕی کار (کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت), ئەگەر ئەم میکانیزمانە رەچاوی تێدا نەکرێ هێزی کار لە هەرێمی کوردستاندا پەرتەوازەیی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێ بەراورد بە ئێستا.

پێناسەی چەمکەکان :

1- **هێزی کار:** بریتیە لەم دەستی کارانەی کەرێژەیەکی بەرچاوی دانیشتوان پێکدەهێنن و لەتەمەنی کارکردنداان لەنێوان( 15- 63) ساڵ, وە بەپێی بەشدارییان لەچالاکیە ئابوریەکان دابەشدەبنە سەر دوو جۆر:

a) **هێزی کارای کار (Effective Workforce):** بریتین لەو کەسانەی بەردەوام بەکارێك هەڵدەستن و بەبەشێکی زیندووی دانیشتوان active population دادەنرێن و لەنێو تەمەنی کارکردندان.

b) **هێزی ناکارای کار(Ineffective Workforce)(★[1]):** بریتین لەو کەسانەی لەتەمەنی کارکردندان, بەلاّم بەهۆی چەند فاکتەرێکەوە کارناکەن و بەرهەمیان نیە وەکو: خوێندکارانی کۆلێژ و پەیمانگاکان — بەندکراوان — ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە — ئەوانەی خەڵکی کوردستانن بەلاّم رەگەزنامەی بیانیان هەڵگرتووە و لەدەرەوەن.

2- **کوالیتی خوێندنی زانکۆیی:** هەموو ئەو یاسا و رێسا و میکانیزمانە دەگرێتەوە کەتێیدا کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی باشیەتی دەکات لە توانای زانستی و پیشەیی بۆ خوێندکارانی زانکۆیی و خەسڵەتی بەردەوامبوونی لەسەر ئەو ریتمە هەیە.

3- **دەرهاویشتەکانی خوێندنی زانکۆیی لە دەرچووان**بریتیە لەقەبارەی ساڵانەی ئەو دەرچوانەی کە وەزارەتی خوێندنی بالاّ لە کۆلێژ و پەیمانگاکان بەپێی چەندیەتی و چۆنیەتی بەرهەمیاندەهێنێ بۆ ئەوەی سوود لەپسپۆریەکانی خۆیان وەربگرن لەبازاڕی کار و کەرتی گشتی و وەکو سەرچاوەیەکیش بۆ بژێوی ژیانیان.

4- **بازاڕی کار ( Market Labor):** یەکێکە لەم بازاڕە ئابورییانەی کە تێیدا ئەوانەی بێکارن یان دەیانهەوێ جۆری کارەکانیان بگۆڕن هێزی کاری خۆیان دەخەنەڕوو, واتە بەدوای کارێکدا دەگەرێن, لە بەرامبەریشیدا خاوەن کۆمپانیا و کارگەکان لەژێر رۆشنایی ئەو ئامرازانەی لەبەردەستداهەن, دەستی کار بۆ کاروبارەکانیان دەبیننەوە.

هەرچەندە ئەم پێناسەیە جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو بازاڕەی کە لە ئابوریەکانی بازاڕدا بەربلاّون, بەلاّم لەهەرێمی کوردستاندا دەبینرێ کەرتی گشتیش بۆتە ئەو بەشە لەبازاڕی کار کە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان چاویا لەسەرە بۆ پەیداکردنی هەلی کار.

## بەشی یەکەم

### سروشتی ئاراستەوەرگرتنی دەرچوانی خوێندنی زانکۆیی بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار:

دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان کاتێ قۆناغەکانی خوێندن تەواو دەکەن لەبازاڕی کاردا بەدوای هەلی کاردا دەگەڕێن, دەرچووان لەهەرێمی کوردستاندا راستەوخۆ دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن بەرەو 4 بوار ئاراستە وەردەگرن:

بواری یەکەم: ئەو دەرچوانەی زانکۆ و پەیمانگاکانن کە روودەکەنە ئەو کۆمپانیانەی کەتایبەتمەندن بەبواری دامەزراندن, واتە هەلی کار بۆ هاولاّتیان بەگشتی و بۆ دەرچوان بە تایبەتی دەدۆزنەوە, ئەو کۆمپانیانە ئەزمونێکی


نوێیە لەهەرێمی کوردستان و هەر یەکێکیان پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێکی تری کۆمپانیای بەرهەمهێن یان خزمەتگوزاری هەیە و CV لەهەر هاوڵاتیەك وەردەگرێ کاتێ داوای دەسخستنی کاری لێدەکات, پاشان هەلی کار بۆ هاوڵاتیان دەبیننەوە, بەڵام لەئەنجامی کۆمەڵێك هۆکار دەرچوان لەهەرێمی کوردستاندا کەمتر سوود لەم کۆمپانیانە دەبینن کە کار بۆ خەڵك دەدۆزنەوە کە لەبەشی سێهەمی ئەو توێژینەوەیەدا بەوردی باسی لێکراوە.

<u>بواری دووەم:</u> سوود لەپسپۆری خۆیان وەردەگرن و کاری ئازاد دەکەن یان لەرێگەی پەیوەندیە کەسیەکانی خۆیانەوە هەلی کار بۆخۆیان لەکەرتی تایبەت دابیندەکەن. ئەو بەشە کە روودەکەنە بازاڕی کار کەمتر بیر لەدامەزراندن لەکەرتی گشتی دەکەنەوە.

<u>بواری سێهەم:</u> ئەو کەسانەن کەبیر لەدامەزراندن لەکەرتی گشتی دەکەنەوە و بۆ ئەمەش هەوڵی فرە دەروازە دەدەن, هەرچەندە لەماوەی 3 ساڵی رابردوودا لیژنەکانی دامەزراندن کەلەهەر پارێزگایەکدا هەیە تێیدا بەرێوەبەرایەتیەکانی ئامار و خودی ئەنجومەنەکانی پارێزگا ئەو پرۆسەیە بەرێوەدەبەن, لەبنەڕەتدا پرۆسەی دامەزراندن ئەرکی ئەنجومەنی گشتی ڕاژەیە کەلەهەرێمی کوردستاندا بەپێی یاسای ژمارە( 7)ساڵی ( 2011)ی پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە, بەڵام ئەم ئەنجوومەنە لەگەڵ ئەوەی یاسای بۆ دانراوە لە پەرەلمانی کوردستان بەپێی ژمارە و رێکەوتی سەرەوە بەڵام تا ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەش کارا نەبووە و ستافی کارکردنی بۆ دابین نەکراوە, بۆیە لەهێلکاریەکەشدا ئاماژە بەخودی ئەو ئەنجومەنە کراوە چونکە لە داهاتوودا رۆڵی گرنگی دەبێت لە راگرتنی باڵانسی هێزی کار لە کەرتی گشتیدا.

<u>بواری چوارەم:</u> ئەو بەشەیە کە بەبێکار دەمێنێتەوە. بەڵام دواجار بۆ دابینکردنی لایەنی کەمی بژێوی ژیان روودەکەنە کەرتی گشتی و بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلأیەتی بیمەی بێکاری وەردەگرن. هێلکاری خوارەوە زیاتر روونیکردۆتەوە:

هێلکاری ژمارە(1)سروشتی ئاراستەگرتنی دەرچوانی زانکۆ وپەیمانگاکان لەبازاڕی کارو دامەزراندن




سەرچاوە: توێژەر بەپێی باسەکەی ئەم هێلکارییەی خستۆتەڕوو

لە هێلکاریەکەی سەرەوەدا ئاماژە بە ئەنجومەنی گشتی راژە کراوە کە کەوتۆتە نێو ئەو لاکێشەیەی کە لەدەستەچەپدایە, ئەگەرچی ئەو ئەنجومەنە یاسای لە پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە ( 7)ی ساڵی ( 2011) ی پەرلەمانی کوردستان بۆ دەرکراوە بەڵام تاکو ئێستا کارا نەکراوە و پارێزگاکان لەشوێنی ئەودا بەکاری دامەزراندن و تۆمارکردنی ناوی داواکاران هەڵدەستن, بۆیە خۆی لەراستیدا ئەو ئەنجومەنە ساڵانە یان بەپێی پێویستی بەم کارە هەڵدەستێ.

پەیوەندی نێوان بازاڕی کار و دەستی کار پەیوەندیەکی راستەوانەیە, لەم هەرێم و وڵاتانەی بانگەشە بۆ ئابووری بازار دەکەن یان باوەڕیان پێی هەیە, ئەوە کەرتی تایبەت دەبێتە بزوێنەری بازاڕی کار, بۆیە هەرچەند کەرتی تایبەت بەهێز بێت و خۆی ریکخستبێت, ئەوە زیاتر توانای بەخۆوە گرتنی هێزی کاری هەیە, پێچەوانەکەشی راستە, لەم جۆرە ئابووریەشدا بۆ بەدەستهێنانی ئەزمونێکی سەرکەوتوو, هەرێمی کوردستان وەکو نموونە پێویستە هێز و دەستی کار بۆ کەرتی تایبەت ئاراستە بکرێت و فشار لەسەر کەرتی گشتی کەمبکرێتەوە, ئەوەش پێویستی بەدەیان میکانیزم و سیاسەتی دیاریکراو هەیە کە دواتر لەم توێژینەوەیەدا تیشکی دەخەینەسەر.


خشتەی خوارەوە ژمارەی دەرچوانی گشت زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی خوێندنی 2008 – 2009 تاکو 2010 -2011 نیشاندەدات:

خشتەی (1) ژمارەی دەرچوانی گشت زانکۆ و پەیمانگاکان و دەستەکانی تەکنیکی سەر بەوەزارەتی خوێندنی باڵا بەپێی ساڵەکان

| ساڵی خوێندن | ژمارەی دەرچووان |
|---|---|
| 2007 – 2006 | 11,284 |
| 2008- 2007 | 13,992 |
| 2009- 2008 | 20,408 |
| 2010 -2009 | 21,519 |
| 2011- 2010 | 26,244 |

سەرچاوە: وەزارەتی خوێندنی باڵا/بەرێوەبەرایەتی تۆماری گشتی/هۆبەی داتاو زانیاریەکان/2011

هێلکاری ژمارە (2):



له خشتەی سەرەوەدا دەبینرێ ساڵ دوای ساڵ رێژەی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان ڕوو له هەڵکشاندایە, لەساڵی خوێندنی(2006- 2007) ئەو ژمارەیە بریتی بووە له ( 11,284) دەرچوو, لەساڵی خوێندنی ( 2007 – 2008) هەڵکشانی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە وگەیشتۆتە ( 13,992) دەرچوو, لەساڵی خوێندنی ( 2010 – 2011)گەیشتۆتە (26,244)دەرچوو.


رێژەی گەشەی ساڵانەی دەرچووان لەگشت زانکۆ و پەیمانگاکان هەرێمی کوردستان بەپێی ساڵەکانی رابرِدووی سەرەوە بریتی بووە له ( 18.96٪), وەرگێرانی ئەو رێژەیە بۆ ژمارە دەکاتە ( 2139) دەرچوو له ساڵێکدا. ئەوەش بریتیە لەتێکرِای زیادەی ساڵانەی دەرچوان له زانکۆ و پەیمانگاکانی ئێستای هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان 12 یە.

یەك کێشە کە هەردوو کەرتەکە (تایبەت و گشتی) بەیەکەوە دەبەستێتەوە ئەوەیە کە هەندێ له برِوانامەکانی خوێندنی باڵا یان پەیمانگاکان له هەردووکەرتدا داواکاریان لەسەر نیە و بۆیە له هەردوو کەرتدا دەرچوان هەلی کاریان دەستناکەوێ. لێرەدا جۆرێك له رێژەی گەشەی ساڵانەی پێشبینیکراویش بۆ دەرچووانی گشت زانکۆ و پەیمانگاکان ئاستەنگێکی (تحدی)کۆمەڵایەتی ترە لەبەردەم کۆمەڵگا و پەیوەندیدارانداله ساڵانی داهاتوودا, خشتەی خوارەوە ئەو رێژەی گەشەیە بۆ پێنج ساڵی داهاتوو نیشاندەدات:

خشتەی (2)پێشبینی ژمارەی دەرچوانی گشت زانکۆ و پەیمانگاکانی سەربەوەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان بۆ 5 ساڵی داهاتوو

| ساڵی خوێندن | ژمارەی دەرچوان |
|---|---|
| 2013 - 2012 | 28,383 |
| 2014 – 2013 | 30,522 |
| 2015 – 2014 | 32,661 |
| 2016 - 2015 | 34,800 |
| 2017 – 2016 | 36,939 |

هێلکاری ژمارە (3):




داتاکانی خشتەی سەرەوە ئەوە نیشاندەدات کە ساڵ دوای ساڵ قەبارەی دەرچوان لە رووی ژمارەوە لەهەرێمی کوردستاندا گەورەتر دەبێت کەبەدوایدا داواکاری لەسەر هەلی کار و دەستەبەری کۆمەلأیەتی (بیمەی بێکاری)زیاتردەبن.

بەپێی پێشبینیکردن و بەهۆی  پرۆسەی دەرچواندنی بەردەوام کە ساڵ دوای ساڵ هەڵکشانی زیاتر بەخۆوە دەبینێ, لەساڵی خوێندنی ( 2012 - 2013) ژمارەی دەرچوان دەگاتە ( 28,383)دەرچوو, لەساڵی خوێندنی( 2016 - 2017) ئەو ژمارەیە دەگاتە ( 36,939)دەرچوو, هاوتەریب لەگەڵیشیدا پێویستی هەرێمی کوردستان بۆ رەخساندنی هەلی کار ساڵ دوای ساڵ زیاتر دەبێت.

دەرچوانی ئامادەییە پیشەییەکانیش بەهەمان پێوەر بەرکەوتیان دەبێت لەبازاڕی کاری هەرێمی کوردستاندا و ئەوان بەبەراورد بە دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان زیاتر پێویستن بۆ بازاڕی کار, خشتەی خوارەوە زیاتر روونیدەکاتەوە:

خشتەی (3) ژمارەی دەرچوانی ئامادەییە پیشەییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی سێ ساڵەکان

| پارێزگا / ساڵی خوێندن | (2009 -2008) | (2010 - 2009) | (2011 - 2010) |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 374 | 296 | 264 |
| سلێمانی | 1168 | 1227 | 749 |
| دهۆک | 530 | 389 | 249 |
| گەرمیان | 18 | 34 | 23 |
| کۆی گشتی | 2090 | 1946 | 1285 |

سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە/حکومەتی هەرێمی کوردستان/لیستی دەرچوانی ئامادەییە پیشەیەکان

بەتێبینی کردن لەخشتەی سەرەوە دەرکەوتووە ژمارەی ساڵانەی دەرچوانی ئامادەییە پیشەییەکان ساڵ دوای ساڵ رووە و داکشانە, لە ساڵی خوێندنی ( 2008 – 2009) ژمارەی دەرچوانی ئامادەییە پیشەیەکان بریتی بووە لە

(2090) دەرچوو, کەچی لەساڵی خوێندنی ( 2010 - 2011) داکشانی بەخۆیەوە بینیوە وبریتی بووە لە (1285) دەرچوو.

خشتەی سێی سەرەوە ئاماژەیەکی نێگەتیفی تێدا بەدیدەکرێت بە بەراورد بەژمارەی دەرچوانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان, خۆی لەراستیدا بازاڕی کار زیاتر بەدوای دەستی کارامە و لێهاتووی پیشەییدا دەگەڕێت, بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر تێبینی ژمارەی دەرچووان لەهەردوو شوێندا (زانکۆکان و ئامادەییە پیشەییەکان) لە ساڵێکی دیاریکراودا دەبینین ڕێژەکانیان زۆر ناهاوسەنگە, بۆ نموونە ساڵی خوێندنی (2010 - 2011) وەربگرین دەبینین ڕێژەی دەرچوانی ئامادەییە پیشەییەکان ( 4.89٪)ڕێژەی دەرچوانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێ . ئەوەش ڕێژەیەکی ناسروشتیە و دەبێ پەیوەندیداران چارەسەری بەپەلەی بۆ بدۆزنەوە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتی بەکارخستن و دۆزینەوەی هەلی کاردا.

## بەشی دووەم

### یەکەم: پسپۆری و دامەزراندن لە کەرتی گشتی:

بیرکردنەوە لە خۆ دامەزراندن لەکەرتی گشتی بەلای هاوڵاتیانەوە بەتایبەتی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان زاڵترە وەك بیرۆکەی دامەزراندن لەکەرتی تایبەت. لەگەڵ ئەوەی ناکرێ بەشێوەیەکی یەکجارەکی دەستبەرداری پرۆسەی دامەزراندن بین لەکەرتی گشتیدا, بەڵام بۆ دامەزراندن لەکەرتی گشتی پێویستە ئەم پێوەرانەی خوارەوەش لەبەرچاو بگیرێ:

a) دامەزراندن لەسەر بنەمای بەتاڵبوونی شوێنی فەرمانبەر و دامەزراندنی بەش و پێداویستیەکانی بەڕێوەبچێ, بەهۆی ئەوەی لە رابردوودا و تاکو ئێستاش پرۆسەی دامەزراندن لەکەرتی گشتیدا لەدەرەوەی ئەم پێوەرە بووە هەڵاوسانی وەزیفی زیاتر (بێکاری شاراوە ) تەشەنەی کردووە.

b) دامەزراندن لە هەر دامەزراوەیەکی حکومیدا دەبێ لەسەر بنەمای پێناسەی کار ( الوصف الوظيفي – job description) بێت کە تێیدا پەیکەری ڕێکخستنی هەر دامەزراوەیەك لەبەرچاو دەگیرێ, هەر دامەزراوەیەك بەپێی پەیکەری ڕێکخستنەکەی دەیان ناونیشانی کار لەخۆ دەگرێت, بۆ هەر ناونیشانێکی کار پێویست بە کەسێك دەکات ئەرکەکانی ئەو پێکهاتەیە لەئەستۆ بگرێت و رایپەڕێنی و پاشانیش ئەو خەسڵەتانەی تێدا بێت کە بۆ بەڕێوەبردنی هەر ناونیشانێکی کار پێویستە هەبن. خشتەی خوارەوە ژمارەی دامەزراندنەکانی ساڵانە لەدامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم نیشاندەدات:

خشتەی (4) ژمارەی دامەزراندن لەکەرتی گشتی لە ساڵی(2010 تاکو 2012)

| ساڵ | ژمارەی دامەزراندن |
|---|---|
| 2010 | 9547 |

| | |
|---|---|
| **2011** | 25000 |
| **2012** | 17000 |
| **کۆی گشتی** | 51,547 |

سەرچاوە: لیستی بودجەکانی حکومەتی هەرێم بۆ سالآنی (2010 تاکو 2012)/ قەرەبووی فەرمانبەران/بەشی2/ئاستی 01

کۆی گشتی ژمارەی دامەزراوان لەکەرتی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ 3 ساڵی رابردوو بریتی بووە لە (51,547)کەس, لە راستیدا وەکو لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا دەبێ پەیوەندیداران لە پرۆسەی دامەزران لە کەرتی گشتیدا رەچاوی کۆمەڵێك پێوەر بکەن کە یەکێکیان بەتاڵبونی شوێنی فەرمانبەرە لە رێگەی خانەنشینکردنی ئەوانەی تەمەنی یاساییان تەواو کردووە, خشتەی خوارەوە ژمارەی خانەنشینکراوانی مەدنی و پۆلیس نیشاندەدات:

خشتەی ژمارە(5)ژمارەی خانەنشینکراوان (مەدەنی و پۆلیس)ی هەرێمی کوردستان بەپێی 3 ساڵی رابردوو

| ساڵ | ژمارەی خانەنشینکراوان |
|---|---|
| **2009** | 3909 |
| **2010** | 9093 |
| **2011** | 4201 |
| **کۆی گشتی** | 17203 |

سەرچاوە: وەزارەتی دارایی و ئابووری/حکومەتی هەرێمی کوردستان/بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی/ 2012

بەراوردی نێوان ژمارەی دامەزراوان لەسێ ساڵی رابردوودا بەژمارەی خانەنشینکراوان جیاوازیەکی زۆر گەورە نیشاندەدات کە ئەویش بریتیە لەژمارەی دامەزراندن و ژمارەی خانەنشینکردن لە ماوەی تەنها سێ ساڵدا کە بریتیە لە ( 34344). ئەو جیاوازییەش لە ماوەیەکی درێژدا دەبێتە هۆی گەورەبوونی قەبارەی بێکاری شاراوە واتە هەبوونی ژمارەیەك لەفەرمانبەران کە لە دەرەوەی پێویستی دامەزراوەکەن, کە پاشان رەنگدانەوەی لەسەر رادەی بەرهەمداری (الانتاجیة)ی هەر فەرمانبەرێك دروستدەکات و ئەو رادەیە بەرەو نزمی دەروات.

**دووەم: خواست لەسەر پسپۆرییەکانی دەرچووان لە زانکۆ و پەیمانگاکان لەلایەن کەرتی گشتی:**

بەپێی بەدواداچوونەکانمان بۆ پرسی دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوان لەکەرتی گشتی, دەرکەوت لیژنەکانی پارێزگا لەپرۆسەکانی دامەزراندنی هاولآتیان لەکەرتی گشتیدا گرنگی زیاتر بەدەرچووانی سالآنی پێشوو دەدەن, هەروەها زانکۆ حکومیەکان لەپێشترن وەك لەزانکۆ ئەهلیەکان.

لەرووی داواکاری لەسەر جۆری پسپۆریەکان کە سنووری پارێزگای هەولێر بە نموونە ( simple) وەرگیراوە زیاترین داواکاری لەساڵی 2011 لەسەر بەشەکانی (ژمێریاری - ئەندازیاری – کارگێری – ئامار – یاسا – کارەبا – روپێوکار)بووە, ئەمەش ئەوە دەگەینێ کە خواستی وەزارەتەکان لەسەر هەندێ جۆرە پسپۆری نیە ([1]).

(1) پارێزگای هەولێر/ناوی پاڵێوراوانی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس و پەیمانگا و ئامادەیی و خوارتر/2011

لەسنووری پارێزگای هەولێر دامەزراوان ئەوانەی هەڵگری پسپۆری ژمێریارین بەرزترین ڕێژە پێکدەهێنن لەسەرجەم دامەزراوان کە بریتی بووە لە 5.20٪ ی. بەشی کارگێری ڕێژەی 4.9٪ سەرجەم دامەزراوان پێکدەهێنن. واتە هەموو ئەو پسپۆریانەی لەزانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم ساڵانە دەردەچن و ئارەزووی دامەزراندن لەکەرتی گشتی دەکەن, مەرج نیە چانسی دامەزراندنیان هەبێت, ئەویش نەوەك هەر بەهۆی تەواو نەبوونی مەرجەکانی دامەزراندن, بەڵکو کەلێنی خواست لەسەریاندا لەلایەن وەزارەتەکانەوە جیاوازیەکی زۆری هەیە.

بەشێکی بەرچاوی کۆلیژ و پەیمانگاکان لەپرۆسەی دامەزراندن لەکەرتی گشتی بۆ ساڵی 2012 لەسنوری پارێزگاکان سودمەند نەبوون, چونکە وەزارەتەکان داوایان نەکردوون, بۆ نموونە بەپێی ئاماژەکانی بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ئەو بەشانەی کۆلیژ کە کەمترین داواکاریان لەسەر بووە لە دامەزراندنەکانی ساڵی 2012 بریتین لەبەشەکانی (کشتوکاڵ – جوگرافیا – مێژوو – پەیمانگای هونەرە جوانەکان).

**سێهەم: هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ کەمکردنەوەی هەڵاوسانی وەزیفی:**

لەماوەی دووساڵی ڕابڕدوودا وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم دوو ڕێنمایی تایبەتی دەرکرد بەمەبەستی کەمترکردنەوەی هەڵاوسانی وەزیفی لەسەر دامەزراوەکانی حکومەت (بێکاری شاراوە) و هەروەها کەرتی تایبەت بەهێزتر بکرێت.

لەرێنمایی یەکەمدا هاتووە نیوەی مووچەی مانگانە بۆ ماوەی 2 ساڵ بۆ فەرمانبەر لەو فەرمانگەیەی کەدواجار لێی بووە خەرج دەکرێت, بەشێوەیەك نیوە مووچەکەی لەگەڵ مووچەی خۆی لەکەرتی تایبەت وەربگرێت, ئەگەرچی ڕێنمایی دووەم ماوەی وەرگرتنی نیوە مووچەی بۆ 3ساڵی تر درێژ کردەوە, کە ئەوەش لەیاسای بودجەی گشتی 2011 چەسپێنرا ([2]) بەڵام هەردوو ڕێنمایی مەبەستەکانی خۆیان نەهێنایەدی, ئەویش بەهۆی:

- جیاوکەکان (ئیمتیازات)لەکەرتی گشتیدا بۆ کارمەندان بەراورد بەکەرتی تایبەت زیاترە.

هەرچەندە بەمدواییە لە پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە ( 4)ی ساڵی 2012 , یاسای پیادەکردنی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە ( 39)ی ساڵی 1971 هەموار کرایەوە, بەڵام ئەگەر تەواوی یاسای کار بەقەد یاسای خزمەتی شارستانی دەوڵەمەند نەکرێت, ئەو گرفتە بەدوور دەبێت لەچارەسەر.

- کاتێ فەرمانبەر لە کەرتی گشتی ببینێ مووچەی مانگانەی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی ژیانی داناپۆشێ بۆی هەیە مۆڵەتی بێ مووچە بکات و بەکارێکی ترەوە هەڵبستێ لە کەرتی تایبەت.

([2])یاسای ژمارە(6)ی ساڵی2011 ی پەرلەمانی کوردستان/یاسای بودجەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ماددەی 13

## بەشی سێهەم

### رۆڵی کەرتی تایبەت لەرەخساندنی هەلی کار لەهەرێمی کوردستاندا (کۆمپانیا تایبە تمەندەکان):

1- بەپێی ئاماژەکانی "کۆمپانیاکانی دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کار" ی ئەهلی وەکو کۆمپانیای M- SELECT , کە هەلی کار بۆ خەڵك بەبێ بەرامبەر دەبینێتەوە و دەستخۆشانە تەنها لەکارگە – کۆمپانیا وەردەگرێت لەبەرامبەریدا, ئەو کەسەی لەرێگەی ئەو کۆمپانیایەوە دادەمەزرێنرێ تا ماوەی 3 مانگ ئەگەر هەر گرفتێکی هەبوو لەو شوێنەی کارەکەی بۆ دۆزراوەتەوە, چارەسەری دەکەن, ئەگەر نا بۆ کۆمپانیایەکی تر دەیگوازنەوە و لە دۆزینەوەی هەلی کاریشدا دەستخۆشانە لە بێکارەکە وەرناگرێ.

ئاماژەکانی ئەو کۆمپانیایە ئەوەیە کەزۆرجار دەرچوانی زانکۆ لەبەشی E , لەکاتی تێستکردندا کەمتر دەتوانن قسەی پێبکەنو یان ئەوانەی بەشی بایەلۆجیان تەواو کردووە, , بۆ بایۆلۆجیەکەش هەروایە, بۆیە بەپێویستی دەزانن کەپسپۆریەکان لەنێو خودی زانکۆدا دەوڵەمەندتر بکرێن, بۆ نموونە پێوەری تایبەت دابنرێ بۆ ئاستی فێربوونی خوێندکار بۆ ئەو پسپۆرییەی وەری گرتووە.

<u>بۆ کەمکردنەوەی ئەو دۆخەی سەرەوەش پەرەپێدان بە بەرنامەی خوێندن و چاکردنی کوالیتیەکەی لەسەر ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پێویستە دەستی پێ بکرێت, بێگومان ئەوەش پێویستی بەدیدگای دیاریکراو و بودجەی تایبەتی دەوێ بە تایبەتی لە بەهێزکردنی ژێرخانی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی مامۆستاکان.</u>

کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ئەوانەی تایبەتمەندن لەبواری دامەزراندنی بێکاران بە تایبەتی بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان رۆڵی بەرچاویان هەیە لە دامەزراندن و راهێنانی ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەرێن, خشتەی خوارەوە ژمارەی دامەزراوان بەپێی پسپۆری و ساڵ نیشاندەدات کە لە کۆمپانیای M- SELECT وەرگیراوە:

خشتەی (6) ژمارەی دامەزراوان لەکەرتی تایبەت ئەوانەی لەلایەن کۆمپانیای M- SELECT لە ماوەی ساڵی 2012 تاکو14/7/ 2013 دامەزرێنراون

| ساڵ | بەرێوەبردن | سەرمایەگوزاری | ئەندازە | دارایی | سەرچاوە مرۆیەکان | IT | لۆجستی | پترۆل | پەیوەندیە گشتیەکان | هیتر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2012 | 27 | 12 | 18 | 3 | 3 | 6 | 6 | 9 | 0 | 24 | 108 |
| 2013 | 23 | 31 | 48 | 29 | 15 | 23 | 8 | 26 | 8 | 57 | 268 |
| کۆی گشتی | 50 | 43 | 66 | 32 | 18 | 29 | 14 | 35 | 8 | 81 | 376 |

سەرچاوە: کۆمپانیای M- SELECT بۆ دامەزراندن و هەلی کار و راهێنانی پیشەیی

لە خشتەکەدا دیارە لە ماوەی نزیکەی ساڵ و نیوێکدا کۆمپانیای ناوبراو 376 کەسی لەم بوارانە دامەزراندووە کە کۆمپانیاکانی تر دوایانکردووە, دیارە ژمارەی دامەزراندنەکانیش لەم ساڵدا 2013 زیاترە لە ساڵی رابردوو, کە

ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێك كە گرنگترینیان بریتین لە ئاشنابوونی زیاتری خەڵك بە ئامانج و کاری دیاریکراوی ئەم کۆمپانیایە, هەروەها کۆنتاکتی زیاتری کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەم کۆمپانیا تایبەتمەندە بۆ دەسخستنی دەستی کار, ئەگەر پرۆسەی کارەکانی ئەم کۆمپانیایە بەم شێوەیە بەرێوە بڕوات کە تێیدا لە ساڵی 2012 تێکڕای دامەزراندن بریتی بوو لە 9 دامەزراندن لە مانگێکدا, بەڵام لە 2013 تێکرای مانگانەی دامەزراندنی گەیشتۆتە 36 کەس لە مانگێکدا, واتە سەرجەم ژمارەی دامەزراندن لە هەمان ئەو ساڵەدا دەگاتە 432 هەلی کار, ئەوەش کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی ئەو فشارە دەبێت کە دەرچووان دەیخەنە سەر کەرتی گشتی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار.

هەروەها ئەو بوار و پیشانەی کە لە نێو خشتەکەدا دیارن بریتین لەم پسپۆرییانەی کە زیاترین داواکارییان لە لایەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لەسەرە, بۆیە دەبینرێ پسپۆریەکانی وەکو جوگرافیا و مێژوو و کشتوکاڵ و هونەر لەم پسپۆرییانەن کە لە نێو خشتەکەدا نابینرێن.

2- ئەو هەڵوەستانەی کە بەشێوەی دیدار لەگەڵ هەندێ کۆمپانیا ئەنجامماندا وەکو کارخانەی "کۆکاکۆلا"ی هەولێر /کەور وگۆسك, ئاماژەکانی"بەرپرسی کارمەندان", لێدوانەکانی لەبارەی هەلی کار و دامەزراندن لەکارگەکەیاندا بەشێوەی خوارەوە بوو:

a) ژمارەی کرێکارانی ئەو کارخانەیە 300 کرێکارە, تێیدا سیستمی ئیشکردنی ئەو کارگەیە بەسیستمی شەفتە و شەو رۆژ 3 شەفت بەردەوام بەدوای یەکدا دوبارە دەبنەوە.
b) ئەو کارگەیە لەسیاسەتی بەکارخستنیدا دەستی کاری شارەزا و پسپۆری دەوێت بۆ ئەوەی کاریان لەم کارگەیە پێ راسپێردرێ. وەکو شارەزایی لە بواری ( بازاڕکاری – تسویق - کارگێری – تاقیگەیی – ئەندازیاری میکانیك – قسەکردن بە زمانی تورکی + E).
c) ئەو کارگەیە زۆر بەقورسی کەسی شارەزا و پسپۆریان دەستدەکەوێت بۆ کارکردن لەم کارگەیە. چونکە بەپێی ئەو ریگلامانەی دەیکەن و هاولاتیان پەیوەندی دەکەن ئاستی شارەزایی بەهرەیان کەمە بە تایبەتی دەرچوانی کۆلیژ و پەیمانگاکان.
d) خودی خۆیان مەرجیان زۆرە بۆ کارکردن.
e) داواکارانی هەلی کار پێیانەوە دیارە کە زیاتر بیر لە دامەزراندن لەکەرتی گشتیدا دەکەنەوە وەك لەوەی ئەرك و ماندووبوون لەکاری کەرتی تایبەتدا ببینن.
f) جاری واهەیە ئەو کارگەیە بۆماوەی دوومانگ ریگلام بۆ دوو هەلی کار لە کەناڵە ئاسمانیەکان و کەناڵە خۆجێیەکان و لەگۆڤار و بلاّوکراوەکاندا دەکات بۆ پڕکردنەوەی شاغر کە هەلاگری ئەو پسپۆرییە بێت کە دەیانهەوێ, بەڵام دەستیان ناکەوێت.

g) زۆربەی ئەوانەی دێن کە تەنانەت بەپێی ریگلامەکانی ئەوانیش بێت, کەمترین شارەزاییان لەبواری ئەو پسپۆریە هەیە کە خوێندویەتی.

h) لەئەنجامی هەموو ئەوانەی سەرەوە کارگەی ناوبراو دەستی کردووە بە بەکارخستنی کرێکار و شارەزای کەسانی بیانی لە خەڵکی پاکستانی و هیندی یان لەرێگای گواستنەوەی دەستی کاری شارەزای بەشەکانی تری ئەو کارگەیەوە لەوڵاتانی تردا, پڕیدەکەنەوە....

## پوختەی کۆتایی و راسپاردەکان:

### یەکەم: پوختەی کۆتایی:

یەکێك لەم هۆکارە نادیارانەی پەیوەستە بەبێکاریەوە کە لەم توێژینەوەیەدا بەدەرکەوت ئەوەیە کە گرفتی بێکاری لەهەرێمی کوردستاندا لە بەشێکیدا پەیوەندی بەزەمینە لەبارکردنەوە هەیە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بە تایبەتی بۆ دەرچوانی کۆلیژ و پەیمانگاکان. . ئەوەش زیاتر دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە بێکاران و ئەو ناوەندانەی هەلی کار لە کەرتی تایبەت بۆ هاوڵاتیان دەدۆزنەوە بەیەکتر ئاشنانین, لەلایەك, هەروەها نەبوونی سەنتەرێکی فەرمی تایبەتمەند بۆ بەستانەوەی دەستی کار بە بازاڕی کار, بۆ ئەوەی نەوەك تەنها هەلی کار بۆ دەرچووانی کۆلیژ و پەیمانگاکان بدۆزێتەوە بەڵکو بۆ بێکارانی تریش دابمەزرێنێ, هەرچەندە بەرێوەبەرایەتیەکی پەیوەندیدار لەپەیکەری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە ناوی بەرێوەبەرایەتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەیە, بەڵام بەپێی ئەو هەلی کارانەیساڵانە دەیدۆزێتەوە کەمتر لە ئاست ئەو دەستی کارەن کە ساڵانە دەرژێنە بازاڕی کار, بۆ نموونە لە رێکەوتی 2010/1/1 تاکو 2010/12/31 ئەو بەرێوەبەرایەتیە 1079 هەلی کاری بۆ بێکاران دۆزیوەتەوە, لەم ژمارەیەش 185 کەس چوونەتە سەر کارەکانیان (3)

ژمارەی دەرچووانی ساڵانەی زانکۆ و پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستاندا زۆر زیاترە لەم هەلی کارانەی کە کەرتی گشتی رایدەگەینێ یان پێویستی پێی هەیە, ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە توانای بەخۆوە گرتنی کەرتی گشتی بۆ هێزی کار دیاریکراوە, دامەزراوەکانی حکومەت پەیکەری رێکخستنیان تا رادەیەك جێگیرە و تەنها ئەگەر هەندێ فاکتەری تر وەکو کردنەوەی بەش و هۆبەی نوێ , یان چۆڵبوونی شوێنی هەندێ لە فەرمانبەران. لە بەرامبەردا ئارەزوویەکی زۆر لەلای هاوڵاتیان هەیە بە تایبەتی دەرچووانی کۆلیژ و پەیمانگاکان بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی, هۆکاری ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ:

a) ئەو هەلی کارانەی لە کەرتی تایبەتدا داوا دەکرێن زۆربەیان پسپۆریین و پێویستیان بەکەسانی شارەزا هەیە, کەچی لە کاتی گەران بەدوای هەلی کاردا, بە تایبەتی دەرچووانی کۆلیژ و پەیمانگاکان کەمتر لە

---

(3) وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی/ بەرێوەبەرایەتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

ئاستی پێویستی کۆمپانیاکاندان. ئەوەش ئەو راستیە پشتراستدەکاتەوە "کە کەرتی تایبەت گرنگیەکی تەواو بە هەبوونی شارەزایی دەدات نەوەك تەنها هەبوونی بڕوانامەیەك".

b) کەسی فەرمانبەر لەکەرتی گشتی ئەو دەرفەتەی هەیە بتوانێ دوو کار بەیەکەوە لە رۆژێکدا بکات. واتە "کەمی ئەرکی کار لە کەرتی گشتی و درێژی ماوەی کارکردن لە کەرتی تایبەت دەرفەتی بۆ ئەنجامدانی کارێکی تری نافەرمی لەم کەرتەدا, کەمکردۆتەوە".

بازاڕی کار و هێزی کار لە هەرێمی کوردستان شێواوییەکی تەواوی پێوە دیارە پێویستی بە رێکخستنێکی بنەڕەتی هەیە بەپشتبەستن بەدەیان پێوەر و نیشاندەر وەکو رێژەی بێکاری بەپێی پسپۆری - دامەزراندن و رێژەکانی بەپێی پسپۆری - ژمارەی ئەو کارانەی هەر هاولاّتیەك رۆژانە ئەنجامی دەدات.

**راسپاردەکان:**

1- کۆمپانیاکانی دامەزراندن لەکەرتی تایبەت کە هەلی کار بۆ هاولاّتیان دەدۆزنەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەتایبەت لەلایەن "زانکۆ و پەیمانگاکان زیاتر هاوکاری مەعنەوی بکرێن و دەرگایان بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی پەیام و ئەرکی خۆیان بۆ خوێندکاران روونبکەنەوە و رێگەیان پێبدرێ ووِرك شۆپیان بۆبکەنەوە و فێری چۆنیەتی دۆزینەوەی هەلی کاریان بکەن دوای دەرچوونیان"(4).

2- پەرەپێدانی کاری هاوبەش وهاندانی کەرتی تایبەت بۆ بەشداریکردنی لە دانانی پلان و پرۆگرامەکانی خوێندن و راهێنانی پیشەیی لەگەڵ دامەزراوەکانی خوێندنی بالاّ بۆ ئەوەی پسپۆریەکان گونجاوبن لەگەڵ خواستی کەرتی تایبەت و بازاڕی کارو ئەو هەنگاوەش لەرێگای:

أ - دانانی چەندین نوێنەری کەرتی تایبەت دەبێت لەبنکە و دامەزراوەکانی خوێندن و راهێنانی پیشەیی..

ب - بەشداریکردنی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و زەمینە رەخساندن بۆ خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگا و ئامادە پیشەییەکان بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان پانتایی شوێنەکانی کارکردنیان لەبەردەمیاندا بکەنەوە و راهێنانیان بۆ ئەنجامبدەن, دەکرێ بۆ ئەو مەبەستەش لەهەر کۆمپانیا و کارگەیە سەندوقێك لەژێر ناوی سەندوقی پارەدارکردن (صندوق التمویل)دابمەزرێنرێ و بەبەردەوامی بە درێژایی ساڵ خەرجی ئەو پرۆسەیە لە ئەستۆ بگرێ و خودی کۆمپانیا ئەوانەی بەشدار دەبن لەم پرۆسەیە لەبەشێکی باج ببەخشرێن و حکومەتی هەرێمیش بەشێك لە پارەی ئەو سەندوقە بە رێژەیەك لە ئەستۆ بگرێ.

3- دامەزراندن لەکەرتی گشتی چەندین پێوەر دەبێ لەبەرچاو بگرێ وەکو:

---

(4) دەقی راسپاردەی کۆمپانیای M- SELECT / هەولێر.

- لەبەرچاوگرتنی وەسفی وەزیفی – job Description بۆ هەر دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی کە لە پەیکەری ڕێکخستنیاندا میلاکی بەتاڵیان هەیە و پێویستیانە بەپێی پسپۆری پڕیبکەنەوە .
- ژمارەی خانەنشینکراوان و هەر هۆکارێکی تر کە شوێنی فەرمانبەر چۆڵدەکات لەبەرچاو بگیرێت.
- دامەزراندنی بەش و هۆبەی نوێ, کەپێویستی بەپێکهێنانی ستافی کارگێری نوێ هەیە.

4- هەندێك لەجۆری ئەو پسپۆرییانەی لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەخوێندرێ لەگەڵ پێویستی بازاڕی کار نەگونجاوە و تەنانەت لەلایەن کەرتی گشتیەوەش دواکاری زۆر کەمتر لەسەرە, بەتایبەتی پسپۆرییە مرۆییەکان. بۆیە پێشنیار دەکەین ئەو پسپۆرییانەی لە بازاڕی کاردا کەمتر داواکارییان لەسەرە کە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لەماوەی خوێندنی زانکۆییدا فێری دەبن, بۆ ماوەی لایەنی کەم چوار ساڵ بەشەکانی رابگیرێت, وەکو بەشەکانی (کشتوکاڵ – جوگرافیا – مێژوو – پەیمانگای هونەرە جوانەکان), بۆ ئەوەی خستنەڕووی ئەو جۆرە پسپۆرییانە لە بازاڕدا کەم ببێتەوە و خواست لەسەری زیاتر بێت.

5- کوالیتی پرۆسەی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکرێ بۆ ئەوەی دەرچووان سوود لە پسپۆریەکانیان وەربگرن لەکەرتی تایبەت کە تێیدا شارەزاییی زیاتر رۆڵی خۆی دەبینێ لەدەستەبەرکردنی هەلی کار لەم کەرتەدا بەراورد بە بڕوانامە.

6- پابەندکردنی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بە بەکارهێنانی دەستی کاری خۆماڵی بەرێژەیەك کەمتر نەبێت لە 60٪ بەراورد بەسەرجەم ژمارەی کارمەندانی.

7- فراوانکردن و بەهێزکردنی سیستمی مەشق وراهێنانی دەرچووانی کۆلیژ و پەیمانگاکان لەساتەوەختی بەردەوامیان لە پرۆسەی خوێندندا و خولی هاوینەی خوێندکار تەنها کەرتی گشتی نەگرێتەوە بەڵکو کەرتی تایبەتیش بگرێتەوە و لە کۆمپانیا و کارگەی پەیوەندیدار بە پسپۆرییەکەی مومارەسەی پیشەی خۆی بۆ ماوەیەك بکات کەمتر نەبێت لە شەش مانگ.

8- بەهۆی ئەوەی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستاندا شێواوە و شوێنەواری بەسەر هێزی کار و کارکردنیش جێهێشتووە تێیداو بۆیە پێویستە ئەو بازارە پێویستی بە ڕێکخستنی زۆر و دانانی سیاسەتی زۆر هەیە لە ڕێگای:

a) زانیاری تەواو بەبەردەوامی لەسەر هێزی کاری هەرێم پوختەبکرێت و ژمارەیان لە هەردوو کەرتدا (کەرتی تایبەت + کەرتی گشتی) کۆنترۆڵ بکرێت و ڕێژەی بێکاری بەپێی پسپۆریەکان لە هەرێمی کوردستاندا و دامەزراندن بەپێی پسپۆری دیاری بکرێ بۆ ئەوەی سیاسەتی دروستی لە پێناودا دابنرێ.

b) بەرزەفتکردنی ئەو کارانەی کە هاولاتیان ئەنجامی دەدەن بە شێوەیەك " دیاریکردنی کاری هەر هاولاتیەك و جۆری کارەکەی دیاری بکرێ, ئایا هەر هاولاتیەك زیاتر لەیەك کار ئەنجامدەدات" ؟ کاتێ هەر هاولاتیەك دوو کار لەیەك رۆژدا ئەنجامدەدات کاریگەری لەسەر رەخساندنی هەلی کار هەیە بۆ بێکاران, بۆ نموونە لە ئەوروپا هەر کەسێك کاری دووەم بکات بە کاری رەش هەژمار دەکرێ. بۆیە ئەم میکانیزمەش پێشنیار دەکەین لێرە لە هەرێمی کوردستان کاری لەسەر بکرێت و هاولاتی بەیەك کارەوە ببەسترێتەوە.

9- بایەخدانی زیاتر بەپلانی وەرگرتنی سالانەی خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگاکان و وەرگرتنی خوێندکار لەبەشەکان بەپێی پێویستی ئەو پسپۆرییە بێت کە بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان دەیهەوێ.

10- بایەخدانی زیاتر بە خوێندنی پیشەیی و هونەری لە جیاتی خوێندنی تیۆری لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

- تەواو-

**سەرچاوەکان:**


1 - حکومەتی هەرێمی کوردستان /وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی /.

2 - وەزارەتی خوێندنی بالاٚ /حکومەتی هەرێمی کوردستان/ب. گشتی پشکنین و دلنیایی جۆری/ ب. گشتی دلنیایی جۆری بۆ زانکۆ ئەهلیەکان.

3 - دەستەی ئاماری هەرێم/2011

4 - پارێزگای هەولێر/ لیستی دامەزراوان و دانەمەزراوان/2011

5 - التنمية البشرية وبناء مجتمع المعرفة/عبد الحسن الحسيني.

6 - لیستی بودجەکانی حکومەتی هەرێم بۆ سالأنی (2010 تاکو 2012)/ قەرەبووی فەرمانبەران/بەشی2 /ئاستی 01

7 - وەزارەتی خوێندنی بالاٚ وتوێژینەوەی زانستی/سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین/بەرێوەبەرایەتی تۆماری گشتی/هۆبەی داتا وزانیاریەکان.

8 - زهير حامد سلمان السعدون الزيدي/ مفهوم سوق العمل 18/02/2010

9 - **واقع التعليم في الوطن العربي/** أ. د علي خليل إبراهيم التميمي ـ جمهورية السودان.

10 - رێنمایی دارایی ژمارە (35) سالی 2012/وەزارەتی دارایی و ئابووری/حکومەتی هەرێمی کوردستان.

11 - وەزارەتی دارایی و ئابووری/حکومەتی هەرێمی کوردستان/ ب. گشتی خانەنشینی/ 2013